# جینۆسایدی ئەرمەن و  گرتنی مار بە دەستی کورد

عەلی مەحمود محەمەد

لە لایەکەوە دەیانەوێت زۆرینەی سوارەی حەمیدییە بکەنە کوردو لەوێوە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان بەسەریدا ساغ بکەنەوە 1, واتە مارەکە بەدەستی کورد بگرن, لە لایەکی دیکەوە کەوتونەتە هۆنینەوەی مێژوویەك کە تا ئێستا بۆ ئێمە نەزانراو بوو, سێ سەدە دوای نووسینەوەی شەرەفنامە1596- 1597, کۆمەڵێك تاوانی گەورە, دەجار بە ئەندازەی ئەنفال, لەو دەڤەرە گوایە رویداوە, بەڵام هیچ شوێنەوارێکی لە نووسین و یاداشتی خودی هاووڵاتیانی ناوچەکە دیار نییە, سەیرەکە لەوەدایە مێژووەکەشی تەنها 3 بۆ 4 نەوە دوورە.

لە ساڵی 2016 نووسەری میسری ئەحمەد عەبدالواحێد شەرقاوی نزیك لە رژێمی ئیسلامی تورکیا, پەرتوکێکی بەناوی “مژابح الارمن چد الاتراك فی الوپائق العپمانیە والروسیە والامیرکیە” نووسی, وەك پەرچەکردار بەرامبەر بەو هەڵمەتە جیهانیەی بۆ پشتیوانی لە دۆزی جینۆساید ئەرمەن بەرێکرا, ئەم پەرتووکە بووە مانفیستۆی وەڵامدانەوە بەدەستی ئیسلامی سیاسییەوە بەرامبەر جینۆسایدی ئەرمەن, چونکە ئەوان لەم بەرەیە هەموو لە سەنگەری عوسمانییەکانەوەن, نووسەر لە پەرتوکەکەیدا باسی کۆمەڵێك پێشێلکاری دەکات کە بەشی زۆری ناوچە کوردییەکانی باکوری کوردستان دەگرێتەوە, کە گوایە ئەرمەن و سوپای روسیا ئەنجامیان داوە, وەلێ لە راستیدا سوپای روسیا نەك تەنها گەیشتە بەتلیس و قارس, بەڵکە شاری خانەقینیشی داگیرکرد نەخوازەلا رۆژهەڵات و مەریوان و رەواندزیش, بۆیە دەبێت لە هەموو ئەو شوێنانە بەدوای پێشێلکارییەکاندا بگەرێین, ئەمە مێژووە.

ترك پرێس وەك سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو ئاماژە بە پەرتوکەکەی الدکتور أحمد عبدالوهاب الشرقاوی دەکات , گوایە لە نێوان ساڵانی 1914 بۆ 1921دا, چەکدارە ئەرمەنەکان 518105 ژن و منداڵی

تورکیان کوشتووه , بەشی زۆری کورد بوونه 2؟, ئامارێکی سەیرە؟؟, گرنگی ئامارەکه لەوەدایه کۆتاییەکەی ئەمجارە به کۆمەڵه سفرەکان نایات, ئێمه لەم سەردەمه, له وڵاتی خۆمان له مێژووی دووری تەنها نەوەیەك, لەناو ماڵەکەی خۆمان هێشتا نەمان توانیووه ئاماری قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفال و بارزانی و فەیلی بکەین, ئەویش له دوری هەزاران کیلۆمەترو میل و ماوەی زیاتر له سەدەیەك ئەم ژمارەیەمان پێشکەش دەکات, له دڵسۆزییەوه نا, بەڵکه دەیەوێت مارێکی دیکه به دەستمان بگرێت و بمانکات به گژی ئەرمەنەکانا.

کەچی کاندیدێکی دکتۆرای کوردیش له یاسا, ژمارەکه بەرز دەکاتەوه بۆ پێنج ملیۆن کەس, تەنها قوربانیانی ناوچەی بەتلیس دەگەیەنێته 400000کەس" به هیچ شێوەیەک ئاماده نین باس لەو قەتڵوو عامەی بکەن که ئەرمەنەکان به یارمەتی رووسیا بەرانبەر به موسڵمانان وه گەلی کورد ئەنجام دا له ساڵی ١٨٢٣ تا ١٩٢١. لەو ٥ ملیون موسلمانەی که ئەرمەن قەتڵوو عامی کرد، نزیکەی یەک ملیونو نیو بۆ دوو ملیونی کورد بوون.

تەنها له ناوچەی تەبلیسی باکووری کوردستان زیاتر له ٤٠٠ هەزار کورد کوژران؛ وه ژنه کوردەکان یەکەم دەست درێژی یان دەکرایه سەر دواتر دەکوژران؛ منداڵ، پیر، جوان. ئەمه شتێک نی یه که تێروانینی خۆم بێت؛ بەڵکوو بەڵگەکانی وڵاتانێ رووسیا؛ فەرەنسا؛ بەریتانیا وه ئەمریکا؛ ئاماژەیان بەو قەتڵوو عامه کردوه لەلایان ئەرمەنەکانەوه. له شەری جیهانی یەکەمدا؛ له کۆی دانیشتوانی شاری وان؛ تەنها ٦٪ له دانیشتوانی ئەو شاره رزگاریان بوو. هەموویان لەلایان ئەرمەنەکانەوه قەتڵوو عام کران.

" 3, لێ که پشکنین بۆ ژمارەی دانیشتووانی شاری بەتلیس دەکەیت لەو مێژووانەدا, ژمارەی دانیشتووانەکەی له 12000 بۆ 30000 تێپەڕی نەکردووه, له ساڵانی نێوان 1800 بۆ 1900 4 , تەنانەت له بەشه تورکیەکەی ویکیپیدیاشدا ئاماژه به کۆکوژی وا هەر نەکراوه 5 ", ئەمەیه له مەلەکی مەلەکی تر.

کەچی لەو بەروارانەدا ناوچەی بەتلیس دوو راپەڕینی دژ بە عوسمانلییەکان بەخۆوە بینیووە شەرەفخان لە بەتلیس 1831 و یەزدانشیر 1851 6.

هەرچەندە شەڕە ئاینی و نەتەوەییەکان ناوچەکە لە لایەن ئەرمەنیشەوە, ئەوکاتەی دەسەڵاتداربوونە لە پێشێلکاری زەق بێبەری نەبووە, شەڕەکانی قەرەباغ لە گەڵ ئازەربایەنجان کە پارساڵ رویدا, سوتاندنی ئەو شارو گوندانەی بەجێیان هێشت دەچنە چوارچێوەی تاوانە زەقە نێودەوڵەتیەکانەوە, ئازەریەکانیش بەهەمان شێوە تاوانی مەزنتریان ئەنجامدا لە هەمان جەنگدا, دەشێت لەوکاتانە پێشێلکاری زەقتر ئەنجامدرابێت, چونکە شەڕە ئاینییەکان و شوێنەوارەکانی جەنگی جیهانی یەکەم گوڵ دابەش نەکراوە, بەڵکە ئەو سوراییە خوێن بووە جیهانی داگرتووە نەك گوڵ, لێ ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو پشکنینی بەڵگەنامەکان هەیە, بێ ئەوەی دەست بۆ مارێك ببەین وەك تەڵە نراوەتەوە بە دەستی ئێمە بگرترێت.

رێگا راستەکە کامەیە؟؟

دان نان بە حەقیقەتی یاسایی هەر تاوانێك لە هەر کونجێکی جیهان بگوزەرێت, ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانییە, ئەگەر هەل نەمابێت بۆ راگرتنی, هەنگاوێکە بۆ بەرەو روبونەوەی تاوانە مەزنەکان لە جیهاندا بۆ ئاینده , نموونە ئۆرۆگوای وەك یەکەم وڵات لە ساڵی 1965ەوە دانی ناوە بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان، کە هیچ پەیوەندیەکی بە دۆسیەکەوە نییە. یان کۆریای باشورو سوئید و کەنەداو هۆڵەنداو ... کە هەڵوێستی باشیان لەسەر دۆسیەکانی ئەنفال و هەڵەبجە هەبووە, یاخود هۆڵەندا

بازرگانێکی چەکی کیمیاوی هاووڵاتی خۆی بەناوی فرانس ڤان ئانرات لە بەرامبەر هاوبەشیکردنی لە تاوانی هەڵەبجە سزای 16,5 ساڵ زیندانی دەدات, بەهۆی ئەوەی چەکی کیمیاوی فرۆشتبوو بە رژێمی پێشووی عێراقی, ئەم هەنگاوە وەك ئەرکێکی دادپەروەرانەیە. تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکانیش هیچ نەبێت ئەوەندە بە کوردەوە دەبەسترێتەوە، کە لەسەر خاکی ئێستای کوردستان ئەنجام دراوە,چۆن قوربانیانی تاوانی کۆمەڵکوژی رۆهینجا دوای ئاوارە بوونیان بۆ بەنگەلادیش دۆسیەکەیان جوڵێنرا لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە, چونکە ئاوارەی وڵاتێکی ئەندامی دادگاکە بوون. بۆیە ئەرکی ئەخلاقی گەلی کوردە وەك گەلێکی جینۆسایدکراو دان بەو تاوانەدا بنێت وەك تاوانی جینۆساید, چۆن ئێمە خۆمان سواڵی ئەم داوایە لە جیهاندا دەکەین, پێویستیشە وەك دانان بە هاوشێوەکانی لە جیهان بەرەو روی ببینەوە.

جینۆسایدی ئەرمەن و بەرپرسیارێتی کورد

رێگات بکەوێتە مۆنمێنتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا, تژییە لە وێنەی ئەفسەرو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان, کە بەشێوەی دڕندنە و وەك جەلادی دڵڕەق دەرکەوتوون و وێنا کراون, وەك بەشداربوویەکی چالاك لە جینۆسایدکردنیان نیشان دراون, ئەم وێنانە بونەتە بەشێك لە یاداوەری ئەو گەلە, رۆژانە نیشان دەدرێت و لە گەلیدا تەبلیغ دەکرێت, وێنەی دەرەبەگ و سەرۆك خێڵ و شێخە کوردەکان, کە هیچ پەیوەندیەکان بە خەڵکە عامیەکەوە نییە و هەمیشە کەمینەی چەوسێنەرن بەرامبەر بە زۆرینەی خودی نەتەوەکەی خۆشیان, بەڵام دەسەڵاتدار و قسە رۆیشتوو بیوون, " بە هەمان شێوە زۆرینەی ناوانی ئەنفالچی داواکراوی کورد ئاغاو شێخ و سەید و کوێخا و سەرەك خێڵن" ئەم یاداوەرییە رەشە بە سانایی لە بیری ئەرمەنەکان ناسڕدرێتەوە, بە دیدار و مجامەلەی کاتی دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە کۆتایی نایات, لەبەردەم هەڵوێستدا ڕامان دەگرێت, نابێت تا کۆتایی

سەرمان لە ژێر لمدا بشارینەوە لە ترسی هەڵوێست دەربڕین و خۆ شاردنەوە لە راستییەکان, نابێت باجی دڕندەیی و تاڵان و بڕۆی ئەو ئاغاو دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی و سەرۆك خێڵانە, زۆرینەی خەڵك بیدات, نابێت باجی تاوانەکانی سەردەمی شەڕی دڵڕەقانەی ئاینەکان ئێمە بیدەین, پێویستە هەنگاو بنێین بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکان رابردوو, ئەویش داننانە بە راستییەکان وەك ئەوەی لە حەقیقەتدا هەیە, نەك وەك ئەوەی دەمانەوێت و پینەو پەڕۆی بکەین, یاخود ناسیۆنالستە توندڕەوەکانی ئەوان دەیانەوێت بیسەپێنن, یان وەك ئەوەی ناسیۆنالستەکان هەردوولا کردویانە بە مەیدانی شەڕی موقەدەسە پوچونەکانیان, هەمیشە دیلی خەونی مەزن خوازین, یان ئەوانەی دەیانەوێت شەڕی ئاینەکان هەڵگیرسێننەوە, لە بری مرۆڤایەتی بمانکەنە دیلی هەڵوێستی هاوئاینی و بمانبەنە سەنگەری تاوانکارانەوە, دەبێت رێگا لە دەمارگیرە ئاینی و نەتەوەییەکانی هەردوولا بگرترێت, نەوەکو نەوت بە ئاگری رابردوودا بکەن, ئێستامان بسوتێنن.

ئەرمەنەکان لە پاڵ دەوڵەتی تورکیا سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی باکور و سەرۆك عەشیرەتە عەرەبەکانی سوریاو تورکمان و چەرکەس و قەرەجەکان بە هاوبەشی تاوان دەزانن, بەڵام لە راستیدا ئەوان بەشداری تاوانن نەك هاوبەش, چونکە بڕیار بە دەست و نەخشە داڕێژەر نەبوونە, تەنها جێبەجێکار بوونە, ئەدی ئێمە وەڵاممان چییە لە بەرامبەر ئەم تۆمەتبارکردنە کە پێگەکانی ئەنتەرنێت و ویکیپیدیا پڕ کراوە لەم زانیاریانە ؟.

وەڵامی سۆزداری چارەسەر نییە, لێرە یاسا, مێژوو و ئامار کاری خۆی دەکات,

هەروەها نکۆڵیکردن درێژەدانە بە تاوان, رێگە گرتنە لە سارێژ بوونی برینەکانی رابردوو, درێژەدانە بە شەڕی باوباپیران و گواستنەوەیەتی بە نەفەقێکی تاریکدا بۆ نەوەی نوێ.

گەلی کورد بەرپرسیارێتی یاسایی هەڵناگرێت بەرامبەر بە تاوانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان, چونکە هاوبەش نییە لە بڕیاری تاوان, خاوەند دەوڵەت نەبووەو بڕیار بەدەست نەبووە, سوارەی حەمیدیەش لەسەر خواست و داوای ئەو دروست نەکراوە, گروپێکی چەکداری بچووکی کرێگرتە بوونە, لە پێکهاتەی جیا پێك هاتوونە, بڕیارەکانیشی بە دەست خۆیان نەبووە, جێبەجێکار بوونە, بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێین هەزاران هاووڵاتی کورد لە ریزی سوپای عوسمانیدا بوونە بەشداری تاوان بوونە, هاوشێوەی جاشە کوردەکان لە باشوور کە بەرپرسیاری راستەوخۆی زۆرینەی تاوانەکانی ئەنفالن, ئەو ئاغاو دەرەبەگانە وەك بەشێك لە سوپای عوسمانی بەشدار بوونە لە تاوانەکە, بەشێکیان ناوی خۆیان ناوە سوارەی حەمیدییە, وەك کەس بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆیان, لە چەشنی جاشە کوردەکانی ئەنفال, لەوانەیە ئەم بۆچونەش جێگای رەزامەندی بەشێك لە ئەرمەنەکان نەبێت, کە خەون بە خاکێکەوە دەبینن بەشێك لە دانیشتووانەکەی کە هاونەتەوەی ئەوانن قڕ کراون, واقعێك تازە لەسەر زەوی هاتۆتە پێشەوە, پەرتووکە مێژووییەکان ناتوانن چارەسەری بکەن, چۆن ناسیۆنالستێکی کورد خەون بە کورد بوونی شاری کەرکوکەوە دەبینێت, بەردەوام لە گێڕانەوەی حەکایەتە مێژوییەکاندایە, بەڵام رەقیبی بەهێزی لەمڕۆدا بۆ خاوەنداری شارەکە بۆ پەیدا بووە, بارودۆخ واقعێکی نوێی هێناوەتە پێشەوە.

وەك ئەرکێکی ئەخلاقی کورد دەبێت دان بە حەقیقەتی یاسایی تاوانەکە و راستی مێژویی تاوانەکان بنێت, وەك چۆن ئێمە داوادەکەین کەیسەکانی جینۆسایدمان بە جیهان بناسرێت, ئەوانیش مافی خۆیانە داوامان لێبکەن, هەرچەندە ئێمە دەستپێشخەریمان کرد لە یادی 100 ساڵەی تاوانەکە,

49 پەرلەمانتاری کوردستان دانیان نا بە حەقیقەتی یاسایی تاوانەکە کە جینۆسایدە, شانازیشە کە من هەڵمەتەکەم ئەنجامدا”, پێویستیشە راستیەکان دەربخرێن ئەو کوردە خۆفرۆشانەی بەشدار بوونە لە تاوانەکە بناسرێن, ئەگەر نەوەکانیشیان وەك بەشێك لە نەوەی نازییەکان کە داوای لێبوردن دەکەن بەرامبەر تاوانەکانی باو باپیرانیان, ئەوە هەنگاوێکی مرۆڤدۆستانەیە, وە پێویستە ئەوانە ئاماژەیان وەك بەشداربووی تاوان پێبدرێت, لە مێژوودا وەك تاوانبار بناسرێن, دەبێت جێگاو رێگای مرۆڤەکان لە مێژوودا وەك خۆی نیشان بدرێت, ئیتر سەردەمی بە پیرۆزکردنی پاشا کۆرەکان بە کۆتا گەیشتووە, ئێستا سەردەمی دادگاییەکانی تاوانەکانی رابردووە و داوای لێبوردنکردنە لە دڕندەییەکان نەوەکانی پێشوو, هەڵتەکاندنی نووسینەوەی مێژووەکان رابردووە, داڕشتنەوەیەتی لەسەر بنچینەی مرۆڤایەتی, ئەویَ رۆژیَ هەندێك جەنگ بە پیرۆز دەزانرا, ئێستا بە پێی بنەما کانی مافی مرۆڤ تاوانی قێزەونن, تاوان پیرۆزی نەماوە, بە هەمان شێوە بۆ سارێژ بوونی برینەکانی رابردوو کە زادەی شەڕە ئاینی و نەتەوەییەکان بوونە, پێویستە ئەوانیش دان بنێن بەو پێشێلکاریانەی لە لایەن ئەوانەوە کراوە, دوور لە دروستکردنی مێووی ساختە, خوێندنەوە بۆ روداوە تاڵەکانی سەردەمی شەڕی ئاینەکان بکرێت, هەر لایەنە بە پێی بەشی خۆی بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

بە پێی بۆچونی کوردبێت چەکدارانی کورد لە ریزی سوپای حەمیدییە رێژەیان لە نێوان 10 بۆ 15% بووە, وەك ئاماژەی پیَ دراوە: “لەمێژوودا ئەرمەنەکان چەند جارێك کەوتونەتە بەرشاڵاوی لەناوبردن و جینۆسایدکردن کەدیارترینیان لەساڵی (1915) لەلایەن تورکە عوسمانیەکانەوە ئەنجام دراوە. کورد هەرچەندە خۆشی بەرشاڵاوی لەناوبردن و جینۆساید کەوتووە، بەڵام تێوەگلاوە لەجینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان بەهۆی بەکارهێنانیان وەکو جاش و بەکرێگرتە لەلایەن عوسمانییەکانەوە (نزیکەی لە15% سوارەی حەمیدیە کورد بووە).هەرچەندە کورد بەتایبەتی کۆنگرەی نەتەوەیی و پەکەکە چەند جارێك داوای لێبوردنیان لەئەرمەنەکان کردووە،بەڵام ئەرمەنەکان

بەتايبەتی لەئەرمينيا زۆر دەمارگيرو ڕەگەزپەرستن بەرامبەر بەكورد- لاپەڕە هەڵنەدراوەكان هەر جارەی لاپەڕەيەك-ئەرمەنەكان و گولەنييەكان-ئامادەكردنی: مامۆستا پێشڕەو (پێشڕەو ئيسماعيل)” ,”سوارەی حەميدييە كە لە ساڵی 1891بە فەرمانی سوڵتان پێكهێنرا لە (ئەلبان و چەركەس و كورد) نەك بەتەنيا كورد، لە باسكردنی ژمارەی سوارەی حەميديدا زۆر نووسەر كەوتوونەتە هەڵەوە دەڵێن: سوارەی حەميدی هەمووی كوردبوون، ئەمەش بەپشتبەستن بە سەرچاوە توركەكان بووە، بەڵام ئەمە دوورە لەڕاستييەوە، ڕاستييەكەی ئەوەيە كە رۆبەرت ئۆڵسن باسيكردووە كە دەڵێت: ژمارەی سەربازی سوارەی حەميدی بريتيبوو لە (53) هەزار، محەممەد رەسوڵ هاوار لەكتێبەكەيدا (كورد و باكووری كوردستان بەرگی يەكەم) ناوی نووسەرێك بەناوی (مەروان ئەلمدەوەر) دێنێت و دەڵێت: نووسەر ئاماژە بەوەدەكات كۆی ژمارەی كورد لە سوارەی حەميدی تەنها (10) هەزار كەسە نەك هەمووی كورد بووبن، ئەمەش كەسانی ماستاوچی و بەرتيلخۆری وەك( ئاغا و دەرەبەگی دژە كورد و ئەرمەن) ئەمانە چەند زيانيان بە ئەرمەن گەياند زۆر لەوەزياتر زيانيان بەخودی كوردەكان گەياندووە،-پەيوەندی كورد و ئەرمەن-بێتاوانی كورد لە جينۆسايدی ئەرمەن-نووسينی: ئارام مەجيد شەمێرانی”., ئەرمەنەكان بۆخۆشيان هەموو سوارەی حەميدييە بە كورد نازانن, بەڵكە بە زۆرينەی دەزانن لەناو پێكهاتەكان, دان بەوەشدا دەنێن ئەو هێزە بۆ بەرەو روبونەوەی روسيا پێك هاتووە, بە تايبەت لە جەرگەی جەنگی جيهانی يەكەمدا, نەك بۆ گيان ئەوان, گوايە لە كورد و چەركەس و تورك و توركمان و قەرەج پێك هاتووە, رۆڵيان زياتر لە رۆڵی جانجويدەكانی دارفۆر دەچێت”https://ar.wikipedia.org/wiki “., هەندێك لە فەرماندەو سەرۆك عەشيرەتە كوردەكان لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەيەدا تاوانی قێزەونيان ئەنجامداوە وەك بەشێك لە سوارەی حەميديە, بەڵام بەشێوەی سستامتيك وەك بڕياردەر كوردەكان بەشداريان نەكردووە لە تاوانەكە, چونكە دەوڵەتيان نەبووە و بڕيار لای ئەوانەوە دەرنەچووە, ئەوەی كراوە وەك نۆكەری و بەشداری بووە لە تاوانەكە, ياخود لە ژێر كاريگەری بيری ئاينيدا وەك بەشێك لە بڕيارەكانی خەلافەت لە

ئەستانەوە ئەنجامدراوە, کە دواتر پەلامارەکان سەرجەم کریستان و ئێزیدیەکانی هەرێمەکەی گرتۆتەوە, بۆیە تاك لایەنە نابێت سەیری رووداوەکان بکرێت.

نابێت هەڵوێستی ناسیۆنالزمە راستگەراکانی پۆڵەندا و فەرەنساو .... هتد دوبارە بکرێتەوە لە نکۆڵیکردن, دەبێت بە سنگێکی فراوانەوە ئامادەی دیالۆگ بین, لە کاتێکدا خۆمان قوربانی جینۆسایدین," دامەزرێنەری بەرەی نیشتمانی فەرەنسی نکۆڵی هۆلۆکۆست دەکات, دەڵێت بە بەشێك لە وردەکاری جەنگی جیهانی دووەمی دەزانین, تەنانەت لە یاداشتەکانی بە توندی داکۆکی لە فلیپ بیتان سەرۆکی حکومەتی فیشی پاشکۆی هیتلەر دەکات لە فەرەنسا, حکومەتی راستگەرای پۆڵەنداش بڕیاری 3 ساڵ زیندانی بۆ ئەوانە دەرکردووە کە هەندێك لە هاوکارانی پۆڵەندی نازیەکان بە هاوبەش دادەنێن لە تاوانی هۆلۆکۆست, ئەمەش وەك داکۆکیکردن لە کەرامەتی نیشتمانی دەزانن, ئەمە بۆخۆی نکۆڵی تاوانی هاوبەشانی نازییەکانە و داکۆکیە لە هاوبەشانی تاوانەکانی نازیەکان, دەسەڵاتی شاری سربرنیتشا بەرزترین رێز لێنانی بەخشی بە میلواراد دودیك سەرۆك ئەرکانی سوپای بۆسنە کە نکۆڵی کۆمەڵکوژی سربرنیتشا دەکات, نەتەوەپەرستی و ئاین پەرستی ئەمانەی دەوێت, لە کوردستانیش بهانە بۆ تاوانەکانی پاشای کۆرە دەهێنرێتەوە بەرامبەر بە ئێزیدییەکان, تاوان لە چ ژینگەو چوارچێوەی بەهانەیەك ئەنجام بدرێت تاوانە, دادپەروەری مامەڵە لە گەڵ ئەنجامەکان دەکات نەك بهانەکان .

نکۆڵیکردنی تاوان, بۆخۆی درێژە دانە بە تاوان بەشێوەی نەرم, مرۆڤایەتی رۆژ لە دوای رۆژ دەگات بە حەقیقەتەکانی ڕابردوو, سەردەمی شاردنەوەی زانیاری و حەقیقەتەکان بەسەر چووە, پیرۆز کردنی دڕندەیی لە هیچ چوارچێوەیەکی ئاینی یان ناسیۆنالستی جێگای نەماوە, بۆیە رۆژێك زووتر دان نان بە حەقیقەت ئارام بەخشترەو جوانکردنی سیمای گەلە, کریس ئەندەرسن سەرنووسەری گۆڤاری وایەرد دەڵێت "زانیارییە زۆرو زەبەنەکان لە سەردەمی ئەنتەرنێت, هەموو راستیەکان ئاشکرا دەکات, پێویست بە زانست و تیۆری ناکات",

بۆیه نکۆڵی کردن وەك سەرکردنه ژێر لمه له سەردەمی ئەنتەرنێت و زانیارییه بێ کۆتاکاندا.

نەتەوەپەرستی و ئاین پەرستی چاوی مرۆڤەکان له ئاست دانان به راستیەکان و حەقیقەتی مێژویی کوێر دەکات, مرۆڤایەتی له بیرکردنەوەدا دەکوژێت, هەڵوەدای پاکیزەیی نەتەوەو ئاینه, بۆیه به نەنگی دەزانێت دان به ناشرینیەکان رابردوودا بنێت, مەلای خەتێکان تازه پاکژ نابنەوه له هەمبەر مێژووی کورددا به گزگلەکان.

سەیری هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی تورك موتوربه کراو به ئاین بکەن, بڕواننه هەڵوێسته شەرمەزاریەکانیان نەك له شاری قۆنیای, بگره له لاهای و برۆکسل,له 2ی حوزەیرانی 2016 دا, بۆندستاغی ئەڵمانیا دانی نا به تاوانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان, پێشتریش بەلجیکا هەمان هەنگاوی نابوو, ئەوەی لای من گرنگه له پرۆسەی دان نان به تاوانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان له پەرلەمانی ئەڵمانیا و بەلجیکا, بۆچونی دوو پەرلەمانتاری تورکه له پەرلەمانی ناوەندی ئەڵمانیاو پەرلەمانی هەرێمی برۆکسل له بەلجیکا, هەردووك به پاشناوی ئۆزدەمیر ناوەکانیان هاتووە, یەکیان پیاو چەپی ژینگه پارێز و ئەوی دیکه ژنی حیجاب نەتەوەیی ئیسلامی, هەردوکیان له دایك بووی دەرەوەی تورکیا و پەروەردەی ژینگەی رۆژئاوان, ئەم دوو ئۆزدەمیره به دوو هەڵوێستی پێچەوانه سەبارەت به دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن دەناسرێنەوە, یەکیان پێشەنگ له بواری ناساندنی, بیرکردنەوەیەکی مرۆڤدۆستانەی ئەنتەرناسیۆنالستانه, ئەوی دیکه سەرسەخت له ئاست رەتکردنەوەی حەقیقەتەکان, به بۆچونی ئاینی و ناسیۆنالیزمەوه له ئاست ئەو هەموو وێنه پڕ تاوانه قێزەون و ئێسك و پروسکه هەژێنەره هەڵوێست وەردەگرێت و ئینکاری تاوان و عەدالەت و حەقیقەت دەکات, چاو دادەخات و کاروانی قوربانیەکان نابینێت.

جیم ئۆزدەمیر له دایك بووی 21ی دیسەمبەری 1965ی شاری باد ئۆراخی ئەڵمانیا, بنەچه چەرکەسی تورکیا, سەرۆکی لیستی سەوزەکان له پەرلەمانی ئەڵمانیا, که پێشتر له ساڵی 2007 به پێی بڕگەی 301ی

دەستوری تورکیا سزا درابوو, بە تاوانی پێشێلکردنی ( یاسای سوکایەتی بە ناسنامەی تورکی) بە پێی یاساکە تاوانە دان بە کۆمەڵکوژی لە تورکیا بنرێت وەك ئەوەی لە پۆڵەندای ناو یەکێتی ئەوروپا پەسەندکرا, ج ئۆزدەمیرو و چەند پەرلەمانتارێکی پارتەکەی تۆمەتبارکران بە پێشێلکردنی ئەو بڕگەیە لە دەستوری وڵات, بەهۆی هەڵوێستیانەوە لە سەر دۆزی ئەرمەن و عەلەویەکان کە هەیانبوو, کە پێشتر بەهەمان تاوان و پێشێلکردنی هەمان بڕگەی دەستوری تورکیا نووسەری گەورەی ئەرمەنی هرانت دینك سزا دراو دواتر تیرۆر کرا, هاوکات رۆمانووسی ناسراو ئۆرهان بامۆك هەڵگری خەباتی نۆبڵی ئەدەب بەهەمان بڕگەی دەستور سزادراوە, واتا ئەوەی جیناتی مرۆڤبوونی هەڵگرتبێت دەبێت سزاکەی بخوات, ج ئۆزدەمیر پارتەکەی بە بۆنەی یادی 101 ساڵەی وەبیرهێنانەوەی تاوانەکەوە لە 24ی نیسانی 2016 دا, پرۆژەی ناساندنی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکانی لە تورکیا بە جینۆساید پێشکەش بە پەرلەمانی ئەڵمانیا کرد, لە رۆژانی پێش دەنگدانەکە جیم ئۆزدەمیر بەهۆی هەڵوێستە شێلگیرانەکەیەوە لەسەر دۆسیەکە, دەکەوێتە بەر هەڕەشەی تورکە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکان, لێ گوێی نەدا بە هەڕەشەکان لە وتەکەیدا لە پەرلەمان لە چرکە ساتی پێش دەنگدانەکە وتی: ( 80-90%ی سەرجەم هاووڵاتیانی ئەرمەن, 98%ی پیاوانیان,100%ی پیاوانی ئاینیان لەناو براون لەو تاوانە) هاوکات لە بەشێکی دیکە لێدوانەکەی هەمان رۆژی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا وتی: هەموو ئەو تاوانانەی ئەڵمانیا بەرامبەر بە گەلانی ئەوروپا ئەنجامی داوە دەبێت بە جینۆساید بناسرێت, ج ئۆزدەمیر لە درێژەی بۆچونەکەیدا رایگەیاند گرنگە دان بە رابردووماندا بنێین, نابێت تورکیا شانازی بە رابردووی خۆیەوە بکات, دەبێت رابردوو قەبوڵ بکرێت وەك خۆی.

تەواو پێچەوانەی ئەم هەڵوێستە ئەخلاقیانەیەی ج ئۆزدەمیر بەرامبەر بە کۆمەڵکوژی گەلێك کە وڵاتەکەی خۆی ئەنجامی داوە, خاتوو ئۆزدەمیر لە دایك بووی 7ی دیسەمبەری 1982ی شایربێکی بەلجیکا, یەکەم پەرلەمانتاری حیجاب لەسەر لە ئەوروپا, پەرلەمانتار لە پەرلەمانی هەرێمی برۆکسل لەسەر لیستی پارتی ناوەندی دیموکراسی مرۆڤایەتی

CDH هەڵوێستێکی دژ بە هەڵوێستەکەی ج ئۆزدەمیر وەردەگرێت, نکۆڵی تەواو لە بوونی تاوانەکە دەکات, ئەو لە یادی 100 ساڵەی ئەم تاوانە قێزەونەدا, لە بەرامبەر ئەوەی رەتی کردەوە وەڵام بە پرسیارەکانی کەناڵی ئارِ تی ئێل بداتەوە سەبارەت بە پرسی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە تورکیا, لە بەرواری 29ی ئایاری 2015 لە پارتەکەی دەرکرا, ئەمەش روداوێکی گرنگ و هەنگاوێکی ئەخلاقیانەی دڵخۆشکەر بوو, لیژنەی ئەخلاقی پارتی ناوبراو نای.

هەر لەم پەیوەندیەدا لە رێکەوتی 24ی نیسانی 2015 کە یادی 100 ساڵەی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان, 6 پەرلەمانتاری بەلجیکی بە ڕەگەز تورك ئەو رۆژە ئامادەی پەرلەمان نەبوون, بۆ ئەوەی بەشداری نەکەن لەو خولەکە بێدەنگیەی لە پەرلەمانی بەلجیکا راگەیەنرا بۆ گیانی قوربانیانی ئەرمەنی لە یادەوەری 100 ساڵەی تاوانەکە, خۆیان لە دانیشتنەکە دزییەوە, ئەمە چ کارێکی نا ئەخلاقیانەیە, سەیر کەن ئاین شەو رۆژ ئیدعای رەوشت دەکات, کەچی هەندێك جار دەبێتە فاکتەر بۆ کاری نا ئەخلاقانە, بە دوای دەرکردنی خاتوو ماهینۆر ئۆزدەمیر لە پارتەکەی, تورکە ئیسلامی و ناسیۆنالستەکان لە برۆکسل و ئەستەمبوڵ خۆپیشاندانی نارەزایەتیان بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵوێستەکەی بەڕێوەبردو وەك قارەمان ناساندیان, تەنانەت ئەردۆگان و کچەکەی سومەیە هاتنە سەرخەت بە توندی رەخنەیان لە دەرکردنی ناوبراو لە پارتی ناوەندی دیموکراسی مرۆڤایەتی CDHگرت, خۆپیشاندەران لەسەر لافیتەکانیان نوسیبوویان "ماهینۆر ئۆزدەمیر شەرەفمانە" شەرەف لای ئەوان داکۆکیکردنە لە درِندەییەکانی رابردوو و غروری نەتەوەیی و ئاینی.

هەر لەم بارەیەوە رۆژی پێنج شەممە بەرواری 22ی شوباتی 2018, پەرلەمانی هۆڵەندا بە زۆرینەی 142 دەنگ لە کۆی 150 دەنگ, بڕیاری بە جینۆساید ناسینی کەیسی جینۆسایدی ئەرمەنی دا, هاوکات بڕیاری دا وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەند 5 ساڵ جارێك بەشداری مەراسیمی ساڵوەگەڕی تاوانەکە بکات, لە پرۆسەی دەنگدانەکە 3 پەرلەمانتار دژ بە بڕیارەکە وەستانەوە, ئەوانیش هەر سێکیان بە رەگەز تورك بوون" Farid Azarkan, Tunahan Kuzu,

"Selçuk Öztürk" لە پارتی " DENK "، , لە کاتێکدا پارتی ناوبراو خۆی بە چەپ و سۆسیال دیموکرات دەزانێت و لە 9ی فیبریوەری 2015 لە پارتی کاری هۆڵەندی جیابوەوە, سەرجەم چەپەکانی دی ناو پەرلەمان دەنگیان بە بەڵێ بوو بۆ بڕیارەکە, ئەم بەناو سۆسیال دیمکراتانە وابن, ئەدی دەبێت هەڵوێستی ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان چۆن بێت؟.

نموونە جوانەکانیش هەن وەك ئاماژەمان بە هەندێکین کرد, دنیا هەمووی روە تاریکەکە نییە, ئەگەر کەمینەش بن, وەلێ بەڵگەو داکۆکیەکانیان دەرخەری راستیەکان و دادپەروەرییە, نموونەیەکی دی لەو جوانیانە هەیە, لە سەرەتای ساڵی 2020 سەرۆکی فەڕەنسا دەستخۆشی لە تانەر ئەکچام مێژووناسی تورك کرد, کە لە پەرتوکێکدا بە بەڵگەوە سەلماندویەتی دەوڵەتی عوسمانی فەرمانی دابوو بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان", ئیمانوئێل ماکرۆن وتی:" پەرتوکەکەی ئەکچام دانپیادانانێکی زانستیانەیە بەو تاوانە کە بە ڕێکخراوەیی ئەنجام درابوو، وە ئەو ڕاستیانەی ئاشکراکرد کە هەندێك دەیانویست ونی بکەن و نکۆڵی لە مێژوو بکەن, مێژوو لەسەر بنەمای درۆ نانووسرێتەوە." ئەنجومەنی ئەرمەنەکان CCAF لە میانەی کۆنگرەکە مەدالیای ئازایەتییان بەخشییە تانەر ئەکچام.

پرۆفیسۆر تانەر ئەکچام زیاتر لە 35 ساڵە لەسەر پرسی جینۆساید کارە کات, مێژوونووس و سۆسۆلیجستە, لە زانکۆی کلارك لە ئەمەریکا کار دەکات, توێژەری باڵایە لە سەنتەری هۆلۆکۆست, دوو پەرتوکی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن نووسیووە " اوامر قتل و الفعل المشين ", بابەتی لەسەر جینۆسایدی کوردیش هەیە, دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە تاکە ڕێگای دوبارە نەبوونەوەی جینۆسایدی کورد دەزانێت, هاوکات 9 ساڵ لە زیندانەکانی تورکیا بووە بە تۆمەتی سەرنووسەری گۆڤاری لاوانی شۆڕشگێڕی چەپگەرا.

رۆژی سێشەمە بەرواری 17ی یەنایەری 2018, پەرلەمانی ئەرمینیا دانی نا بە جینۆسایدی ئێزیدیەکان, دەکرێت ئەم هەنگاوە بکرێتە

سەرەتایەك بۆ دان نان بە حەقیقەتەكانی رابردوو و سارێژ كردنەوەی برینە قولەكان, هەرچەندە ئەوان بۆچوونی تایبەتیان لەسەر دۆزی ئێزیدی هەیەو دای دە برن لە كۆی گەلی كورد.

لە كۆتادا دەڵێم ئایا دەمانەوێت ببین بە ئیسماعیل بێشكچی و هادی عەلەوی و كازم حەبیب و ئەحمەد تورك و ئەحمەد ئاڵتان و تانەر ئەكچام و ئۆرهان باموك و ...., یان باخچەلی و میشل عەفلەق....و نموونەكانیان, مێژوو پرە لە هەڵوێستی بەشی دووەم, وەلێ داهاتوو بۆ نموونە دگمەنەكانی بەشی یەكەمە, لە كردنەوەی گرێكانی گرێ كوێرەكانی مێژوو, زۆر لە مرۆڤە موقەدەسەكانی رابردوو وردو خاش دەكات, مرۆڤە پیرۆزەكانی رابردوو زۆریان وەك پاشای كۆرە لە ئاست گەورەیی تاوانی كۆمەڵكوژی ئێزیدیەكان لە پیرۆزی دادەماڵرێن و چاوەڕوانی دادگایی مێژوو دەكەن, بۆیە با چاوەڕوان بین مێژوو خوێندنەوەی تازەی بۆ بكرێت و سەرلەنوێ بنووسرێتەوە, با ئێمەش بچینە پاڵ ئەو گەل و وڵاتانەی دانیان ناوە بە جینۆسایدی هۆلۆكۆست و ئەرمەنەكاندا, نكۆڵی لەوتاوانانە سزا بدرێن, گوڵ هەر لەوێیە با سەمای بۆ بكەین, وەلێ ئەستەمە جارێ بتوانین, چونكە تا هەنووكە نكۆڵیكردن لە جینۆسایدی ئەنفال و ئێزیدی و بارزانی و هەڵەبجە ئاساییە لە كوردستان.

سەرچاوەكان :


1- https://muslims-res.com/%D9%82%D8%B6%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B1%D9%85%D9%86-%D9%81%D9%8A-%D9%81%D8%AA%D8%B1%D8%A9-%D8%AD%D9%83%D9%85-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%84%D8%B7%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D8%A8%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%AD/

2- https://www.turkpress.co/node/580662

3- 3- https://www.facebook.com/soran.khedri/posts/10158337404797318

4- https://wikiwic.com/%D9%85%D8%AF%D9%8A%D9%86%D8%A9-%D8%A8%D8%AA%D9%84%D9%8A%D8%B3-%D9%81%D9%8A-/%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7

5- https://tr.wikipedia.org/wiki/Bitlis_(il)

6- https://www.peyserpress.com/detail/3811

مێژووی کورد و کوردستان لە توێژینەوەی زانایانی روسدا

پەیسەر

نووسینی: ئەسعەد رەشیدی

وەرگێرانی: شەهرام عەبدوڵڵا

کۆمەڵێك لینکی دیکە بۆ ئاگادار بوون لەم هەوڵەی حکومەتی تورکیا بۆ تێوە گلانی کورد

https://www.facebook.com/Turkey.Ottomany.Kurdish/photos/242515084202953

https://www.facebook.com/Turkey.Ottomany.Kurdish/photos/242832900837838

https://tr.agency/news-95194

https://www.youtube.com/watch?v=LKP2grda5uU